حكومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی

حكومة اقليم كوردستان - العراق
مجلس الوزراء
وزارة التعليم العالي و البحث العلمي
مديرية الشؤون القانونية

ژمارە: ١٢٠٤٢
ڕێکەوت ١٥/ ٧/ ٢٠٢٤ی زایینی
٢٥/ ٤/ ٢٧٢٤ی کوردی

العدد:
التاريخ: / / ٢٠٢٤

پاڵپشت بە حوکمەکانی ماددەی (پەنجایەم) لە یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٨)، بڕیاردرا بە دەرکردنی ئەم ڕێنماییەی خوارەوە:

# ڕێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی (٢٠٢٤)

## ڕێنماییەکانی گواستنەوە و دابەزینی قوتابیان/ خوێندکاران بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٤-٢٠٢٥)

پرۆسەی گواستنەوە و دابەزین بۆ ئەو قوتابی/ خوێندکارانەی کە پێش ساڵی خوێندنی (٢٠٢٤-٢٠٢٥) لە زانکۆ وەرگیراون لە (٢٠٢٤/٧/١٥) دەست پێدەکات و لە (٢٠٢٤/٨/٣١) کۆتایی دێت، مەرجە دەرچوونی فەرمانی زانکۆیی تایبەت بە گواستنەوە یان دابەزین لە (٢٠٢٤/٩/١٦) تێپەڕ نەکات. ئەگەر بە هەر هۆکارێک دوای تێپەڕبوونی دوو هەفتە بەسەر دەست پێکردنی خوێندن لە هەر قۆناغێک مامەڵەی گواستنەوە یان دابەزین تەواو نەکرابێت ئەوا خوێندنی قوتابی/ خوێندکار بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٤-٢٠٢٥) دوادەخرێت.

### بڕگەی یەکەم/ گواستنەوەی قوتابییان/ خوێندکاران

### خاڵی یەکەم: گواستنەوە لە کۆلێژی کۆنمرە نزم بۆ کۆلێژی کۆنمرە بەرزتر:

١. ئەو کۆلێژ و بەشـــانەی ســـاڵی یەکەمیان (Foundation) دەبێت دەرچووانی ئەم قۆناغە ئەم بڕگەیە نایانگرێتەوە بەڵکو دەبێت قوتابی/ خوێندکار ساڵی ئەکادیمی تەواو کردبێت.
٢. قوتابیان/ خوێندکاران مافی گواســتنەوەیان هەیە لە کۆلێژێکی کۆنمرە نزم بۆ کۆلێژێکی کۆنمرە بەرزتر هەروەک لە خشـتەی ژمارە (١)دا هاتووە، بەپێی ئەم مەرجانەی خوارەوە:
أ. دەبێت قوتابی/ خوێندکار سـاڵی یەکەمی بێت لە قۆناغی یەکەم لە بەشـەکەی ، واتە سـاڵی کەوتن یاخود دواخسـتنی نەبێت.
ب. قوتابی/ خوێندکار بە پلەی یەکەم دەرچوو بێت لە سـەر ئاسـتی بەش لە خولی یەکەم لە سـیسـتمی خوێندنی سـاڵانە و وەرزی، یاخود هەوڵی یەکەم لە پێواژۆی بۆلۆنیا و لانی کەم (٦٠) کریدتی تەواوکردبێت.
ج. قوتابی/ خوێندکار تێکڕای نمرەی دەرچوونی لە (٨٠٪) کەمتر نەبێت.
د. ساڵی پێشوو بۆیان ناچێتە سەر میچی خوێندن.
هـ. قوتابی/ خوێندکار لە کاتی گواســـتنەوەی لە کۆلێژی کۆنمرە نزمەکان بۆ کۆلێژی کۆنمرە بەرزەکان گواســـتنەوەکە بۆ نزیکترین زانکۆ لە شوێنی نیشتەجێ بوون دەبێت.
و. ئەو قوتابی/ خوێندکارەی کە پێشــتر لە خوێندنی پاراڵێل وەرگیراوە لە کۆلێژی کۆنمرە نزمەکان، دوای (یەکەم) بوونی لە ســەر بەشــەکەی و هەبوونی ســەرجەم مەرجەکان لەکاتی گواســتنەوەی بۆ کۆلێژێکی کۆنمرە بەرزتر خوێندنەکەی بە خۆڕایی دەبێت.
ز. فەرمانی گواســـتنەوەی ئەم قوتابیانە لە وەزارەتەوە دەردەچێت و ئەگەر لێژنەی چاوپێکەوتنی قوتابی/ خوێندکار لە زانکۆکاندا لاریان هەبوو بەهۆکاری تەندروستی ئەوا دووبارە دەنێردرێتەوە بۆ وەزارەت بۆ چارەسەرکردنی بابەتەکە.

ژمارە: ١٢٠٤٣
ڕێکەوت: ١٠/٧/٢٠٢٤ی زایینی
٢٠/٤/٢٧٢٤ی کوردی

العدد:
التاريخ: / / ٢٠٢٤

## خشتەی ژمارە (١): لیستی کۆلێژ و بەشە پەیوەندیدارەکان بۆ مەبەستی گواستنەوەی قوتابیان و خوێندکاران لە کۆلێژێک بۆ کۆلێژێکی کۆنمرە بەرزتر.

| ژ | کۆلێژ و بەش | کۆلێژ و بەشی پەیوەندیدار |
|---|---|---|
| ١ | کۆلێژی پزیشکی ڤێتێرنەری | کۆلێژی پزیشکی |
| ٢ | کۆلێژی زانست/ زیندەوەرزانی | |
| ٣ | کۆلێژ/ فاکەڵتی زانستە تەندروستییەکان/ مایکرۆبایۆلۆجی | |
| ٤ | سکوڵی تەندروستی/ میدیکەڵ مایکرۆبایۆلۆجی | |
| ٥ | کۆلێژی زانستە تەندروستییەکان/ زانستی لابوری پزیشکی | |
| ٦ | کۆلێژی زانستە تەندروستییەکان/ چارەسەری سروشتی | |
| ٧ | کۆلێژی تەکنیکی تەندروستی/ شیکاری نەخۆشییەکان | |
| ٨ | کۆلێژی زانستە تەندروستییەکان/ تەندروستی گشتی | |
| ٩ | بەشی پەرستاری (کۆلێژ و کۆلێژە تەکنیکییەکان) | |
| ١٠ | تاقیگەی پزیشکی/ زانکۆی ڕاپەڕین | |
| ١١ | تاقیگەی پزیشکی/ زانکۆی چەرموو | |
| ١٢ | کۆلێژی تەکنیکی هەڵەبجە/ زانستی تاقیگەی پزیشکی | |
| ١٣ | فاکەڵتی زانست و تەندروستی/ زانستی تاقیگەی پزیشکی/ زانکۆی کۆیە | |
| ١٤ | کۆلێژی تەکنیکی دهۆک / تەکنولۆجیای چێکرنا ددانا<br>(بە مەرجێک بە بڕوانامەی ئامادەیی وەرگیرابێت نەوەک سیستەمی پۆلیتەکنیک) | کۆلێژی پزیشکی ددان |
| ١٥ | کۆلێژ/ فاکەڵتی زانست/ کیمیا | کۆلێژی دەرمانسازی |
| ١٦ | کۆلێژی زانستە تەندروستییەکان/ کیمیای ژیانی کلینکی | |
| ١٧ | کیمیای دەرمانسازی/ زانکۆی چەرموو | |
| ١٨ | بەشی سڕکردن (کۆلێژ و کۆلێژە تەکنیکییەکان) | |
| ١٩ | کۆلێژی زانستە تەندروستییەکان/ خۆراکزانی و پارێزی | |
| ٢٠ | تەندروستی کۆمەڵ | کۆلێژی پەرستاری |
| ٢١ | کۆلێژی زانستە ئەندازیارییە کشتوکاڵییەکان/ زانستی ئاژەڵ | کۆلێژی پزیشکی ڤێتێرنەری |
| ٢٢ | کۆلێژی زانستە ئەندازیارییە کشتوکاڵییەکان/ بەرووبوومی کێڵگەیی، باخداری، پاراستنی ڕووەک | کۆلێژی زانست/ بایۆلۆجی/ بایۆلۆجی گشتی |
| ٢٣ | کۆلێژی زانستە ئەندازیارییە کشتوکاڵییەکان/ پیشەسازی خۆراک | کیمیا |
| ٢٤ | کۆلێژی زانستە ئەندازیارییە کشتوکاڵییەکان/ زانکۆی سەلاحەددین لە قۆناغی (یەکەم) گشتییە | دەرچووی یەکەم/ کۆلێژی پزیشکی/ ڤێتێرنەری<br>دەرچووی دووەم/ کۆلێژی زانست/ بایۆلۆجی<br>دەرچووی سێیەم/ کۆلێژی زانست/ کیمیا |
| ٢٥ | کۆلێژی زانست/ژینگە | کۆلێژی ئەندازیاری/ سەرچاوەکانی ئاو |
| ٢٦ | کۆلێژی زانستە ئەندازیارییە کشتوکاڵییەکان/ بەشی خاک و ئاو | کۆلێژی ئەندازیاری/ سەرچاوەکانی ئاو |
| ٢٧ | کۆلێژی زانست/ زەویناسی | کۆلێژی ئەندازیاری/ پترۆڵ |
| ٢٨ | کۆلێژی تەکنیکی زانستی/ پترۆڵ و کانزا | کۆلێژی ئەندازیاری/ پترۆڵ |
| ٢٩ | فیزیای پزیشکی/ زانکۆی چەرموو | ئەندازیاری/کارەبا |
| ٣٠ | کۆمپیوتەری کرداری/ زانکۆی چەرموو | ئەندازیاری/کۆمپیوتەر |
| ٣١ | کیمیای کرداری/ زانکۆی چەرموو | ئەندازیاری/کیمیا |
| ٣٢ | کۆلێژی زانستە ئەندازیارییە کشتوکاڵییەکان/ زانستی خۆراک و کۆنترۆڵی جۆری | کۆلێژی زانست/ کیمیا |
| ٣٣ | کۆلێژی زانستە ئەندازیارییە کشتوکاڵییەکان/ گەشتیاری ژینگەیی | کۆلێژی زانست/ ژینگە |
| ٣٤ | کۆلێژی زانستە ئەندازیارییە کشتوکاڵییەکان/ دارستان | کۆلێژی زانست/ زیندەوەرزانی |

حکومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی

حكومة اقليم كوردستان - العراق
مجلس الوزراء
وزارة التعليم العالي و البحث العلمي
مديرية الشؤون القانونية

ژمارە: ١٢٠٤٢
ڕێکەوت: ٨/٧/ ٢٠٢٤ی زایینی
/ / ٢٧٢٤ی کوردی

العدد:
التاريخ: / / ٢٠٢٤

| ژ | کۆلێژ و بەش | کۆلێژ و بەشی پەیوەندیدار |
|---|---|---|
| ٣٥ | کۆلێژی زانستە ئەندازیارییەکشتوکاڵییەکان/ کارگێری کشتوکاڵی و پەرەپێدانی ناوچەی گوندنشین | کۆلێژی کارگێری و ئابووری/ کارگێری |
| ٣٦ | کۆلێژی زانست/ فیزیک | کۆلێژی ئەندازیاری/ بەشی کارەبا |
| ٣٧ | کۆلێژی زانست/ ماتماتیک | کۆلێژی ئەندازیاری/ بەشی شارستانی |
| ٣٨ | کۆلێژی زانست/ کۆمپیوتەر | کۆلێژی ئەندازیاری/ بەشی پرۆگرامسازی |
| ٣٩ | کۆلێژی زانست/ جیۆلۆجی | کۆلێژی ئەندازیاری/ بەشی جیۆتەکنیک |
| ٤٠ | سکوڵی زانست/ جیۆسایەنزی نەوت | کۆلێژی ئەندازیاری/ بەشی نەوت |
| ٤١ | کۆلێژی کارگێری و ئابووری/ ئامار | کۆلێژی زانست/ بەشی ماتماتیک |

## خاڵی دووەم: گواستنەوە لە نێوان زانکۆکانی هەرێم:

١. گواستنەوە لە نێوان کۆلێژە هاوشێوەکان لە پێواژۆی بۆلۆنیا بۆ سیستەمی ساڵانە یان وەرزی وە بە پێچەوانەوە دەبێت، ئەگەر گواستنەوەکە لە سیستەمی ساڵانە یان وەرزی بۆ پێواژۆی بۆلۆنیا بوو ئەوا قوتابی/ خوێندکار دەگەڕێتەوە قۆناغی یەکەم، بەڵام ئەگەر بە پێچەوانەوە بوو ئەوا ناگەڕێتەوە قۆناغی یەکەم ، هەروەکو لە نووسراومان ژمارە (٧٢٩٢) لە ڕێکەوتی (٢٠٢٠/٩/٢) وە ژمارە (١٣٢٤١) لە ڕێکەوتی (٢٠٢١/٩/١٥) جەختی لە سەر کراوەتەوە.

٢. قوتابی/ خوێندکار مافی گواستنەوەی هەیە لەنێوان کۆلێژە هاوشێوەکان لە گشت قۆناغەکان، جگە لە ساڵی یەکەمی خوێندن (ساڵی وەرگرتن) بۆ زانکۆیەکی نزیک لە شوێنی نیشتەجێبونی بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە بەڵگەی فەرمی شوێنی نیشتەجێبون پێشکەش بکات، لە یەکێک لەم حاڵەتانەی خوارەوە:

أ. قوتابی/ خوێندکار دەرچووبێت لە خولی یەکەم بە تێکڕای نمرەی لانیکەم (٧٠٪) لە سیستمی ساڵانە و وەرزی، هەروەها لەو زانکۆیانەی کە پێواژۆی بۆلۆنیا پەیرەو دەکەن مەرجە قوتابی/ خوێندکار لەو ساڵەدا (٦٠) کریدیتی تەواو کردبێ بە هەوڵی یەکەم و تێکڕای نمرەکانی لە (٧٠٪) کەمتر نەبێت.

ب. قوتابی/ خوێندکار ئەگەر لە ساڵانی خوێندنی زانکۆ دایکی یاخود باوکی کۆچی دوایی کردبێت، بە بەڵگەی فەرمی بیسەلمێنێت وەک وەفاتنامە (بيان الوفاة) و (صوره القيد)، ئەگەر کۆچ کردنەکە لە ساڵانی خوێندن نەبوو ئەوا گواستنەوەکە بە خوێندنی پاراڵێل دەبێت بە نیوەی کرێی خوێندن.

ج. قوتابی/ خوێندکار ئەگەر لە ساڵانی خوێندنی زانکۆ هاوسەرگیری ببەستێت، پێویستە بەڵگەی فەرمی پێشکەش بکات وەک گرێبەستی هاوسەرگیری و وێنەی ڕەسەنی تۆماری باری شارستانی (صوره القيد) و پێویستە زانکۆ دڵنیایی دەرچوون (صحه الصدور) بۆ بەڵگەنامەکان بکات، بە هەمان شێوە بۆ ئافرەت ڕەچاوی جیابوونەوەی خێزانی (طلاق) دەکرێت و لە کاتی دەرکەوتنی هەر ساختەکارییەک لە بەڵگەنامەکان لێپرسینەوەی یاساییان لەگەڵ دەکرێت، ئەگەر هاوسەرگیری کردنەکە لە ساڵانی خوێندن نەبوو ، ئەوا گواستنەوەکە بە خوێندنی باراڵێل دەبێت بە نیوەی کرێی خوێندن.

هەولێر، ڕێگای کەرکوک، شەقامی هادی چاوشلی -ناونیشان
Email:ps.directorate@mhe-krg.org
عنوان- أربيل، طريق كركوك، شارع هادى جاوشلى
ژ. تەلەفۆن: ٠٦٦٢٥٦٧٦٠٣
Address - Erbil, Kirkuk Road, Hadi Chawshli Street
www.gov.krd/mohe/

د. قوتابی/ خوێندکار (تەنها بۆ ڕەگەزی مێینە) ئەگەر لە ساڵانی خوێندنی زانکۆ منداڵی ببێت و بە بەڵگەی فەرمی بیسەلمێنێت، ئەگەر منداڵ بوونەکە لە ساڵانی خوێندن نەبوو ئەوا گواستنەوەکە بە خوێندنی پاراڵێل دەبێت بە نیوەی کرێی خوێندن.

هـ. بۆ هەر یەک لە حاڵەتەکانی کە لە خاڵەکانی (ب ، ج ، د) ئاماژەی پێکراوە بۆ ئەو قوتابی/ خوێندکارانەی کە خۆیان بە سیستەمی (پاراڵێل) دەخوێنن، ئەگەر حاڵەتەکان لە دەرەوەی ساڵانی خوێندن بوو، ئەوا ڕێژەی (٢٥٪) دەچێتە سەر کرێی خوێندن، وە مەرجە قوتابی/ خوێندکار لە قۆناغی پێشتر دەرچووبێت.

و. قوتابی/ خوێندکار ئەگەر منداڵی (کوڕ و کچ) ی شەهید و ئەنفال کراوەکان بێت، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە نووسراوی پشتگیری وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان پێشکەش بکات بە واژۆی بەڕێوبەری گشتی کەمتر نەبێت.

ز. قوتابی/ خوێندکار ئەگەر منداڵی (کوڕ و کچ)ی مامۆستایانی زانکۆ بێت لە هەڵگرانی بڕوانامەی ماستەر و دکتۆرا کە نازناوی زانستییان هەیە، بەهەمان شێوەش منداڵی (کوڕ و کچ)ی فەرمانبەرانی زانکۆکان و دەزگاکانی سەر بە وەزارەتی خوێندنی باڵا بە مەرجێک ساڵانی خزمەتی لە (١٥) ساڵ کەمتر نەبێت.

ح. ئەو قوتابی/ خوێندکارانەی کە لە ساڵانی پێشوو میوانداریان بۆ کراوە لەو زانکۆیانەی کە پێواژۆی بۆلۆنیا پەیڕەو دەکەن بۆ ئەو زانکۆیانەی کە سیستەمی ساڵانە و وەرزی پەیڕەو دەکەن، ئەوا ئەو خوێندکارانە بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٤-٢٠٢٥) میوانداریەکەیان دەگۆڕێت بۆ گواستنەوە بەهۆی جیاوازی کریدیتی وانەکان لەنێوان پێواژۆی بۆلۆنیا لەگەڵ سیستمی خوێندنی ساڵانە و وەرزی.

٣. لە نێوان کۆلێژە پزیشکییەکان کە سیستەمی ئینتیگرەیشن جێبەجی دەکەن، گواستنەوە ئەنجام دەدرێت لە هەموو قۆناغەکاندا بە پێی مەرجەکانی گواستنەوە، ئەگەر قوتابی خوێندکار ساڵی دووەمی بێت لە قۆناغی یەکەم ئەوا گواستنەوەکە بە خوێندنی پاراڵێل دەبێت بەو مەرجەی کۆنمرەکەی وەرگیرابێت لە ساڵی وەرگرتن بە پێی نووسراومان ژمارە (٧٢٩٢) لە ڕێکەوتی (٢/٩/٢٠٢٠).

٤. قوتابی/ خوێندکار لە خوێندنی بەیانیان مافی گواستنەوەی هەیە بۆ خوێندنی ئێواران، بەمەرجێک لە هەمان پسپۆری خۆیدا بێت، دوای لاری نەبوونی هەردوولا بە ڕەچاوکردنی تایبەتمەندی و توانای بەش و کۆنمرەو کرێی خوێندنی ئێواران لەو بەشە.

٥. قوتابیان/ خوێندکارانی زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان بە هیچ شێوەیەک مافی گواستنەوەو دابەزین و میوانداریان نییە بۆ زانکۆ حکومییەکان.

٦. گواستنەوەی قوتابیان/ خوێندکاران لە بەشەکانی ئێواران بۆ بەشەکانی هاوشێوەی بەیانیان ناکرێت لە بەر جیاوازی کۆنمرەی پێشبڕکێ.

٧. هەموو گواستنەوەیەکی قوتابیان/ خوێندکاران لە نێوان کۆلێژ و فاکەڵتی و پەیمانگەکان بە ڕێگای کۆلێژ و فاکەڵتی و پەیمانگەکان و سەرۆکایەتی زانکۆکان دەبێت، بە پێی ڕێزبەندی و پەیوەندی.

٨. بەرابەرکردن و مەقاسەکردنی وانەکان لە لایەن بەشی زانستی داواکراودا ئەنجام دەدرێت، وە پێویستە بەشی داواکار لیستی وانە و یەکەکان کە قوتابی/ خوێندکار خوێندویەتی لەگەڵ داواکارییەکە بنێرن. ئەنجامی بەرابەرکردن لە سیستمی ساڵانە و

وەرزی دا ئەگەر وانەی داواکراو زیاتر لە (دوو) وانەی ساڵانە یاخود (چوار) وانەی وەرزی بوو ئەوا قوتابی/ خوێندکار دەبێت قۆناغێک دابەزێندرێت.

٩. نابێت ڕێژەی ڕۆیشتنی گواستنەوەکان لە هەر بەشێکی زانستی لە (٢٠٪) و ڕێژەی وەرگرتنی گواستنەوەکان لە هەر بەشێکدا لە (١٠٪) تێپەڕێت، وە لە کاتی هەبوونی داواکاری زیاتر ئەوا مامەڵەکانیان کۆ دەکرێتەوەو لە یەک پرۆسەدا بە پێی پێشبڕکێی کۆنمرەی دەرچونیان لەو قۆناغەدا جێبەجێ دەکرێت و پێویستە لە مامەڵەی گواستنەوەکەدا ئاماژەی پێبکرێت.

١٠. گواستنەوە لە نێوان سیستەمە هاوشێوەکاندا (زانکۆلاین، پاراڵێل، ئێواران) دەبێت بە پێی ڕێنماییەکان.

١١. زانکۆکان لە ڕێگەی لێژنە پزیشکییەکانی زانکۆ کە لە خشتەی ژمارە (٢) ناویان هاتوە بۆیان هەیە سەیری داوای گواستنەوەی هەندێ لە قوتابیان/ خوێندکاران بکەن بۆ گشت قۆناغەکانی خوێندن جگە لە ساڵی یەکەم (ساڵی وەرگرتن) بۆ هەمان بەش بۆ شوێنی نیشتەجێ بوونیان بە هۆی ئەو نەخۆشیيانەی کە قوتابی/ خوێندکار بە فیعلی پێویست دەکات لە ژێر چاودێری خانەوادەکانیاندا بن، جگە لە نەخۆشییە دەروونیەکان کە پێویستە لە هەمان زانکۆی خۆی ساڵی خوێندنیان بۆ دوابخرێت تاکو تێپەڕاندنی حاڵەتەکەیان.

١٢. لە بەر ئەوەی هەموو مامەڵەکانی گواستنەوە لە نێوان زانکۆکانی هەرێم و دەرەوەی هەرێم پێویستی بە ڕەزامەندی هەردوو لایەنی پەیوەندیدار دەبێت، بۆیە دەبێت ڕەچاوی تایبەتمەندی بەشی زانستی و کۆلێژ و فاکەڵتی و سکوڵی ئەو زانکۆیە بکرێت، ئەگەر لە حاڵەتێکدا لە ڕووی زانستییەوە لاری نەبوونیان نیشان نەدا لە سەر مامەڵەی گواستنەوەکە.

١٣. ئەو قوتابی/ خوێندکارانەی کە گواستنەوەیان بۆ دەکرێت دەبێت لەڕێگای ناوەندی وەرگرتنەوە وەرگیرابن.

١٤. فەرمانی گواستنەوەی قوتابیان/ خوێندکاران بە واژووی سەرۆکی زانکۆکان دەبێت بە پێی پەیوەندی گواستنەوەکە.

**خشتەی ژمارە (٢) بنکەی لێژنە پزیشکییەکان لە سنووری پارێزگاکان.**

| ژمارە | پارێزگا | بنکە | زانکۆ |
|---|---|---|---|
| -١ | هەولێر | بنکەی زانکۆی هەولێری پزیشکی | سەلاحەددین، کۆیە، هەولێری پزیشکی، سۆران، پۆلیتەکنیکی هەولێر |
| -٢ | سلێمانی | بنکەی کۆلێژی پزیشکی سلێمانی | سلێمانی، ڕاپەرین، هەڵەبجە، چەرموو، پۆلیتەکنیکی سلێمانی |
| -٣ | دهۆک | بنکەی کۆلێژی پزیشکی دهۆک | دهۆک، زاخۆ، ئاکرێ بۆ زانستە کردارییەکان، پۆلیتەکنیکی دهۆک |
| -٤ | گەرمیان | بنکەی کۆلێژی پزیشکی گەرمیان | گەرمیان، پۆلیتەکنیکی گەرمیان |

## خاڵی سێ یەم: گواستنەوە لە زانکۆکانی حکومەتی عێراقی فیدراڵ بۆ زانکۆکانی هەرێم

١. گواستنەوەی قوتابیان/ خوێندکاران لە زانکۆکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق بۆ زانکۆکانی هەرێم سنووردار دەبێت بۆ حاڵەتی زۆر پێویست، جگە لە قۆناغی یەکەم کە گواستنەوەی تێدا ناکرێت.

**حكومة اقليم كوردستان - العراق**
**مجلس الوزراء**
**وزارة التعليم العالي و البحث العلمي**
**مديرية الشؤون القانونية**

**حکومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق**
**ئەنجومەنی وەزیران**
**وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی**
**بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی**

العدد:
التاريخ: / / ٢٠٢٤

ژمارە: ١٣٠٤٢
ڕێکەوت: ١٥/٧/٢٠٢٤ی زایینی
٢٥/٤/٢٧٢٤ی کوردی

٢. مامەڵەی گواستنەوەیان بۆ دەکرێت بە هەمان مەرجەکانی گواستنەوەی قوتابیان/ خوێندکاران لە نێوان زانکۆکانی هەرێم وەکو لە خاڵەکانی (بڕگەی یەکەم/ خاڵی دووەم) دا هاتووە بۆ هەمان قۆناغ و بەشی هاوتا لە زانکۆکانی هەرێم و بەرابەرکردن (مقاسة)ی وانەکانیان بۆ دەکرێت بە پێی ڕێنماییەکان.

٣. ڕەچاوی ڕێنماییەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵای هەرێم دەکرێت بۆ هەموو قۆناغەکانی خوێندن لە وانە پەیوەندیدارەکان (دروس المفاضله) بە پێی پلانی وەرگرتنی ساڵی وەرگرتنیان.

٤. پێویستە بڕوانامەکانیان شایستە بێت بۆ وەرگرتن لە زانکۆکانی هەرێم، لە کاتی شایستە نەبونی بڕوانامەکانیان بۆ هەر بەشێک بۆ نمونە (دواناوەندی پیشەیی و قوتابخانە ئاینییە نارەسمییەکان و هاوشێوەیان) ئەوا گواستنەوەکەیان بۆ ئەنجام نادرێ و هەڵدەوەشێتەوە.

٥. گواستنەوە ئەنجام نادرێت لە نێوان کۆلێژ و پەیمانگەکانی سەر بە وەزارەتی ئەوقافی پێشووی عێراق کە ئێستا بریتییە لە (الوقف السنی) و (الوقف الشیعی) بۆ زانکۆکانی هەرێم، بەهۆی بوونی تایبەتمەندی پیشەیی ئەم کۆلێژ و پەیمانگەیانە بۆ وەزارەت و فەرمانگەکانی ئەم سێکتەرە.

٦. پێویستە خانەوادەی قوتابی/ خوێندکار نیشتەجێی هەرێم بن و بۆ ئەم مەبەستەش پشتگیری پارێزگای شارەکان و پشتگیری شوێنی کارو نیشتەجێ بوونی باوک یاخود دایکی هەبێت.

٧. گواستنەوە بە پێی توانا و ڕەزامەندی بەش و کۆلێژەکان دەبێت، لە حاڵەتی زۆر پێویستدا ئەنجام دەدرێت بە پێی ڕێژەی دیاری کراو لە لایەن وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی.

٨. مامەڵەی گواستنەوەی قوتابی/ خوێندکار دەست پێ دەکات لەهەمان ماوەی گواستنەوە لە زانکۆ و پەیمانگەکانی هەرێم و عێراقی فیدراڵ لەو زانکۆیەی کە قوتابی/ خوێندکار داوای گواستنەوەی لێ دەکات، بە هاوپێچ کردنی سەربردەی خوێندکار (السیرة الدراسیة للطالب) لەگەڵ لیستی وانە و یەکاکان کە قوتابی/ خوێندکار خوێندویەتی لە سیستمی ساڵانە و وەرزی (المواد و الوحدات الدراسیة فی نظام السنوي والفصلي) وە لەوێشەوە ڕاستەوخۆ بە نووسراوی فەرمی دەنێردرێتە ئەو زانکۆیەی کە داوای گواستنەوەی بۆ دەکات لە هەرێم، لە لایەن زانکۆکەی هەرێ دەنێردرێتە کۆلێژ/ پەیمانگەی داواکراو لە حاڵەتی لاری نەبووندا بەرابەرکردن (مقاسة)ی وانەکانی لە بەشی زانستی داواکراو بۆ ئەنجام ئەدرێت بە شێوەیەک ئەگەر وانەی داواکراو زیاتر لە (دوو) وانەی ساڵانە یاخود (چوار) وانەی وەرزی بێت ئەوا قوتابی/ خوێندکار دەبێت قۆناغێک دابەزێندرێت، دوای ئەوە دەنێردرێتەوە تۆماری زانکۆ و کاری پێویست ڕاستەوخۆ ئەنجام ئەدرێت پێ گەڕانەوە بۆ وەزارەت وەڵامی خودی ئەو زانکۆیە ئەدرێتەوە کە داوای گواستنەوەی لێ کردووە و وێنەیەکیش لە تەواوی بەراییەکان دەدرێتە وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی هەرێم.

٩. هەموو گواستنەوە یاخود میوانداریيەکی بە کۆمەڵ و نیمچە کۆمەڵ کە بە هۆی بارودۆخی نەخوازراو دێتە ئاراوە لە لایەن ئەنجومەنی وەزارەتەوە بڕیاری لێ دەدرێت بە ڕاوێژ لەگەڵ زانکۆکان میکانیزمی جێبەجێ کردنی بۆ دادەنرێت.

١٠. ئەو قوتابی/ خوێندکارانەی دەرچووی ئامادەییەکانی هەرێمن و لە زانکۆکانی شارەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق وەرگیراون یاخود وەردەگیرێن ، مافی گواستنەوە و میوانداریان نییە بۆ زانکۆکانی هەرێم بە پێی ڕێنمایی و بەڵێننامەکانیان.


Address - Erbil, Kirkuk Road, Hadi Chawshli Street
www.gov.krd/mohe/
عنوان- أربیل، طریق کرکوك، شارع هادی جاوشلی
ژ. تەلەفۆن: ٠٦٦٢٥٦٧٦٠٣
هەولێر، ڕێگای کەرکوک، شەقامی هادی چاوشلی -ناونیشان
Email:ps.directorate@mhe-krg.org

## خاڵی چوارەم: گواستنەوە لە زانكۆكانی دەرەوەی وولات بۆ زانكۆكانی هەرێم:

١. قوتابی/ خوێندكاری قۆناغی یەكەم ئەگەر پۆلی دوانزەی ئامادەیی لە ناو هەرێم یاخود لە ئامادەییەكانی عێراقی فیدراڵ تەواو كردبێت و لە یەكێك لە كۆلێژەكانی دەرەوەی وولات وەرگیرابێت ، ئەوا بە پێی كۆنمرەی خوێندنی پاراڵێل لە هەرێمدا لە ساڵی داواكردن وەردەگیرێت بە تەواوی كرێی خوێندنی پاراڵێل.

٢. قوتابی/ خوێندكاری قۆناغەكانی تر واتە لایەنی كەم سـاڵێكی ئەكادیمی تەواو كردبێت، ئەگەر پۆلی دوانزەی ئامادەیی لە ناو هەرێم یاخود لە ئامادەییەكانی عێراقی فیدراڵ تەواو كردبێت و لە یەكێك لە زانكۆكانی دەرەوەی وولات (حكومی یاخود تایبەت) وەرگیرابێت، بە مەرجێك لە زانكۆ بروا پێكراوەكان بێت و لە لیسـتی یونسـكۆ و بیبلۆگرافیای یەكێتی زانكۆكانی جیهان تۆماركرابێت، ئەوا لە خوێندنی پاراڵێل وەردەگیرێتەوە لە هەمان پسـپۆری و بەش و كۆلێژ لە زانكۆكانی هەرێم، بە مەرجێك كۆنمرەكەی خوێندنی پاراڵێل وەرگیرابێت، و بەرابەركردن (مقاصـة)ی وانەكانی بە ڕاوێژ لەگەڵ زانكۆكەی هەرێم بۆ ئەنجام ئەدرێت و قۆناغەكەی بۆ دیاری دەكرێ. بەڵام ئەگەر كۆنمرەكەی لە خوێندنی پاراڵێل لە هەمان بەش وەرنەگیرا بوو، ئەوا بە پێی كۆنمرەكەی لە ساڵی دەرچوونیدا لە بەشێكی تر دائەنرێت.

٣. ئەگەر قوتابی/ خوێندكار لە قوتابخانەیەكی بروا پێكراو پۆلی دوانزەی ئامادەیی لە دەرەوەی وولات تەواو كردبێت و لە هیچ زانكۆیەك وەرنەگیرابێت یاخود وەرگیرابێت و لە قۆناغی یەكەمی زانكۆدا بێت، ئەوا سـەرەتا بڕوانامەكەی لەلایەن وەزارەتی پەروەردەی حكومەتی هەرێم بۆ یەكسان دەكرێت، و دواتر لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی ناوەندی وەرگرتن لە وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانسـتی بەپێی لقی ئامادەییەكەی و جۆری تاقیكردنەوەكەی و كۆنمرەكەی پاڵپشـت بە ڕێنماییەكانی وەرگرتن شوێنی بۆ دیاری دەكرێت.

٤. ئەگەر قوتـابی/ خوێنـدكار پۆلی دوانزەی ئـامادەیی لە دەرەوەی وولات تەواوكردبێـت و لە یەكێ لە زانكۆ بڕوا پێكراو و تۆماركراو لە لیسـتی یونسـكۆ و یەكێتی زانكۆكانی جیهان لە قۆناغەكانی تر بێت جگە لە قۆناغی یەكەم، ئەوا لە هەمان پسـپۆری و بەش و كۆلێژ و زانكۆ كە بۆی شـیاوە وەردەگیرێت بە خوێندنی پاراڵێل. لە لایەن لێژنەی زانسـتی بەشـەوە بەرابەركردن (مقاصـة)ی وانەكانی بۆ ئەنجام ئەدرێ و قۆناغی خوێندنەكەی بۆ دیاری دەكرێت، بە شێوەیەك ئەگەر زیاتر لە (دوو) وانەی سـاڵانە یـاخود زیاتر لە (چوار) وانەی وەرزی داواكراو بوو ئەوا قوتـابی/ خوێنـدكارەكە قۆنـاغێك دادەبەزێنرێت، بە ڕەچـاوكردنی ڕێنماییەكانی بەرابەركردن و سـەربار (المقاصـة والتحميل) كە بە نووسراومان ژمارە (٢٢٦٠٤/٥) لە ڕێكەوتی (٢٠٠٨/١٢/٢) گشتاندن كراوە.

## خاڵی پێنجەم: گواستنەوە لە زانكۆكانی هەرێم بۆ زانكۆكانی ناوەڕاست و باشوری عێراق:

١. هەر قوتابی/ خوێندكارێك ئەگەر داوای گواستنەوە بكات لە زانكۆكانی هەرێم بۆ زانكۆكانی ناوەڕاست و باشووری عێراق دەبێت ڕەزامەندی هەردوو زانكۆ وەربگیرێت، مامەڵەی گواستنەوە لە زانكۆكەی هەرێم دەست پێدەكات و دوای ڕەزامەندی هەردوولا بێ گەڕانەوە بۆ وەزارەت فەرمانی زانكۆیی بۆ دەردەچێت، لەكۆتاییدا وێنەیەك لە فەرمانی زانكۆیی لەگەڵ گشت بەراییەكان دەدرێتە وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی/ فەرمانگەی خوێندن و پلاندانان و بەدواداچون/ بەڕێوەبەرایەتی ناوەندی وەرگرتن.

٢. کار ئاسانی دەکرێت لە ڕوانگەی ڕێنماییەکان بۆ گەڕانەوەی ئەو قوتابی/ خوێندکارانەی کە لە زانکۆکانی ناوەند و باشوور بە گواستنەوە هاتوون بۆ شوێنەکانی خۆیان.

## خاڵی شەشەم: گواستنەوە لە زانکۆکانی هەرێم بۆ زانکۆکانی دەرەوەی وولات:

١. گواستنەوەکە بۆ بەش و کۆلێژ و پەیمانگەی هاوشێوە دەبێت.
٢. دەبێت لاری نەبوونی فەرمی زانکۆکەی خۆی لە هەرێم و هەروەها زانکۆکەی دەرەوەی وڵاتی هەبێت بە ڕەچاوکردنی ڕێنماییە زانستی و کارگێڕی و داراییەکان.
٣. بەمەبەستی پەسەندکردن مامەڵەکە بەرز دەکرێتەوە بۆ وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی/ فەرمانگەی خوێندن و پلاندانان و بەدواداچون/ بەڕێوەبەرایەتی ناوەندی وەرگرتن، دوای ڕەزامەندی وەزارەت لەلایەن زانکۆکەی هەرێم فەرمانی زانکۆیی تایبەت بوگواستنەوەی بۆ دەردەکرێت.

## خاڵی حەوتەم: گواستنەوەی بێ مەرج بە شێوەی خوێندنی پارالێل:

١. قوتابی/ خوێندکاری وەرگیراو لە ساڵی یەکەمی خوێندن (ساڵی وەرگرتن) بەهیچ شێوەیەک مافی گواستنەوەی نییە.
٢. دەرفەتی گواستنەوە بۆ ئەو قوتابی/ خوێندکارانەی بە شێوەی (گشتی) وەرگیراون جگە لە ساڵی یەکەمی خوێندن (ساڵی وەرگرتن) لە کۆلێژ و پەیمانگەی هاوشێوەدا بەدەر لە ڕێنماییەکانی گواستنەوە تەنها بە خوێندنی پارالێل دەبێت بە ڕێژەی لە (٥٠٪)ی کرێی خوێندن بۆ هەر ساڵێکی خوێندن کە قوتابی/ خوێندکار لە زانکۆی ماوە.
٣. دەرفەتی گواستنەوە بۆ ئەو قوتابی/ خوێندکارانەی کە خۆیان لە بنچینەدا بە شێوەی خوێندنی پارالێل یان ئێواران وەرگیراون جگە لە ساڵی یەکەمی خوێندن (ساڵی وەرگرتن) لە کۆلێژ و پەیمانگەی هاوشێوەدا بەدەر لە ڕێنماییەکانی گواستنەوە بە تەنها شێوەی خوێندنی پارالێل یان ئێواران دەبێت و بۆ هەر ساڵێکی خوێندن ڕێژەی لە (٥٠٪) دەچێتە سەر کرێی خوێندنەکەی بۆ سەرجەم ئەو قۆناغانەی کە ماوەیەتی.

## بڕگەی دووەم/ دابەزینی خوێندنی قوتابییان/ خوێندکاران

## خاڵی یەکەم : دابەزینی ئاسایی خوێندنی قوتابیان/ خوێندکاران:

١. بنەمای ئەنجامدانی دابەزینی خوێندن بۆ بەشەکانی سیستەمە جیاوازەکان بریتییە لە کۆنمرەی قوتابی/ خوێندکار بەراورد بە کەمترین کۆنمرەی وەرگیراو لە بەشی داواکراو بە پێی ئەنجامی وەرگرتن لە ساڵی وەرگرتنی قوتابی/ خوێندکار.
٢. قوتابییان/ خوێندکارانی وەرگیراو لە زانکۆکانی هەرێم ئەگەر نمرەیان وەرگیرابێت لە بەشی داواکراو مافی دابەزینی خوێندنیان دەبێت لەم حاڵەتانەی خوارەوە:
   أ. لە قۆناغی یەکەم دا ساڵی یەکەمی خوێندنی بێت و مامەڵەی پاڵاوتنی تەواو کردبێت.

حکومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی

حكومة اقليم كوردستان - العراق
مجلس الوزراء
وزارة التعليم العالي و البحث العلمي
مديرية الشؤون القانونية

ژمارە: ١٢٠٤٢
ڕێکەوت: ٢٨/ ٧/ ٢٠٢٤ی زایینی
٥/ ٤/ ٢٧٢٤ی کوردی

العدد:
التاريخ: / / ٢٠٢٤

ب. لە قۆناغی یەکەم دا مابێتەوە یاخود خوێندنی تیادا دواخســـتبێت، بە مەرجێک لە یەک ســـاڵ زیاتر نەمابێتەوە، بۆ زانکۆیەکی نزیک لە شوێنی نیشتەجێبونیان، لەگەڵ هەژمارکردنی ساڵی کەوتن یاخود دواخستن لە میچی خوێندن.

ج. دەرچووبێت لە قۆناغی یەکەم بۆ قۆناغی دووەم، بە مەرجێک ساڵی کەوتن و دواخستنی نەبێت لە هەردوو قۆناغی یەکەم و دووەم، لەگەڵ هەژمارکردنی ئەو ساڵە لە میچی خوێندن.

د. لە خوێندنی ئێواران بۆ هەر بەشێکی تر لە خوێندنی ئێواران یاخود بەیانیان، بە مەرجێک دوو ساڵ بە سەر دەرچوونی لە ئامادەیی تێپەڕنەبووبێت.

٣. دابەزین بۆ ئەو کۆلیج و بەشانە ناکرێت کە لە ساڵی وەرگرتن مەرجی چاوپێکەوتن و تاقیکردنەوەی جەستەیی و هونەری و شایستەییان تێدا مەرجی وەرگرتن بووە، وەکو کۆلیجەکانی پەروەردەی وەرزشی ، هونەرە جوانەکان...هتد.

٤. نابێت ڕێژەی ڕۆیشتنی دابەزین لە هەر بەشێکی زانستی لە (٢٠٪) و ڕێژەی وەرگرتنی دابەزێندراوەکان لە هەر بەشێکدا لە (١٠٪) تێپەڕێت، وە لە کاتی هەبونی داواکاری زیاتر مامەڵەکانیان کۆ دەکرێتەوە و لە یەک پرۆســـەدا بە پێی پێشـــبڕکێی کۆنمرەی دەرچوونیان ڕێژەکەیان لێ وەردەگیرێت.

## خاڵی دووەم : دابەزینی خوێندنی قوتابیان/ خوێندکاران بە شێوەی خوێندنی پاراڵێل:

١. بنەمای ئەنجامدانی دابەزینی خوێندن بۆ بەشەکانی سیستەمە جیاوازەکان بریتییە لە کۆنمرەی قوتابی/ خوێندکار بەراورد بە کەمترین کۆنمرەی وەرگیراو لە بەشی داواکراو بە پێی ئەنجامی وەرگرتن لە ساڵی وەرگرتنی قوتابی/ خوێندکار.

٢. ئەو قوتابی/ خوێندکارانەی کە دوو ساڵ یاخود زیاتر بە سەر وەرگرتنیان تێپەڕبووبێت و لە قۆناغی یەکەم یاخود دووەم دا بن بۆیان هەیە داوای دابەزین بکەن، لەم حاڵەتەدا ئەگەر قوتابی خوێندکار لە خوێندنی گشتی دابەزینی خوێندن بکات بۆ بەشێکی تر بە خوێندنی گشتی ئەوا ڕێژەی (٥٠٪)ی کرێی خوێندنی پاراڵێلی لێ وەردەگیرێت بۆ هەر ساڵێکی خوێندن، بەڵام ئەگەر دابەزینی خوێندن بکات بۆ بەشێکی تر بە خوێندنی پاراڵێل ئەوا تەواوی کرێی خوێندنی پاراڵێلی لێ وەردەگیرێت، پاڵپشت بە نووسراومان ژمارە (٧٢٩٢) لە ڕێکەوتی (٢/٩/٢٠٢٠) بە ڕەچاوکردنی ئەوەی کە گشت ساڵەکانی لە میچی خوێندن ئەژمار دەکرێت.

٣. لە کاتی دابەزین دا قوتابی/ خوێندکار ئەو ڕێژەی کرێی خوێندنەی کە لە بەشی یەکەم لێی وەردەگیرێت داشکاندنی هەمان ڕێژەی بۆ دەکرێت لە بەشی دووەم ئەگەر لە بنەڕەتدا خوێندنەکەی پاراڵێل یاخود ئێواران بێت ئەم داشکاندنەش تەنها بۆ ساڵی یەکەم دەبێت کە دابەزینی خوێندنی تێدا ئەنجام ئەدرێت.

٤. ئەگەر قوتابی/ خوێندکار بە هۆی دابەزینەوە نەیتوانی خوێندنەکەی لە میچی خوێندن دا تەواو بکات ئەوا ساڵانی زیاد لە میچ بە تەواوی کرێی خوێندن دەبێت.

٥. ئەو قوتابیانەی کە هەڵوەشاندنەوەی وەرگرتنیان بۆ کراوە، ئەوانەی دوو ساڵ یان زیاتر بە سەر وەرگرتنیان تێپەڕیوە یاخود سڕینەوەی ناویان بۆ کراوە لە قۆناغی یەکەم و دووەم مافی دابەزینی خوێندنیان دەبێت بە شێوەی خوێندنی پاراڵێل بە تەواوی کرێی خوێندن.

حکومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی

حكومة اقليم كوردستان - العراق
مجلس الوزراء
وزارة التعليم العالي و البحث العلمي
مديرية الشؤون القانونية

ژمارە: ١٢٠٤٢
ڕێکەوت: ١٥/ ٧/ ٢٠٢٤ی زایینی
٢٥/ ٤/ ٢٧٢٤ی کوردی

العدد:
التاريخ: / / ٢٠٢٤

## بڕگەی سێیەم: میوانداری کردنی قوتابیان/ خوێندکاران:

١- قوتابی/ خوێندکار دەتوانێت لە هەموو قۆناغەکاندا میوانداری بکات جگە لە (قۆناغی کۆتایی)، میوانداری تەنها بۆ حاڵەتی بارودۆخی ناچار (ظروف قاهرة) دەبێت یاخود بە هۆی ئەو نەخۆشییانەی کە قوتابی/ خوێندکار پێویست دەکات لە ژێر چاودێری خانەوادەکانیاندا بن جگە لە (نەخۆشییە دەروونیەکان کە دەبێت ساڵی خوێندنیان بۆ دوابخرێت تاکو تێپەڕاندنی حاڵەتەکەیان).

٢- بۆ سیستەمی میوانداری ڕەچاوی ڕێنماییەکانی میوانداری لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان دەکرێت کە بە نووسراوی وەزارەتمان ژمارە (٢٦٠١/٥) لە ڕێکەوتی (٢٠٠٨/٢/١١) گشتاندنی پێکراوە، جگە لەوەی کار ناکرێت بە خاڵی (١٥)ی ئەم نووسراوە کە ئاماژە بەوە دەدات (قوتابی/ خوێندکاری میواندار مافی وەرگرتنی بەشی ناوخۆیی و دەرماڵەی نییە).

٣- میوانداری بە هیچ شێوەیەک ناکرێت لە زانکۆ و کۆلێژ و پەیمانگە تایبەتەکان لە ناوەوەو دەرەوەی هەرێم بۆ زانکۆ حکومییەکانی هەرێم.

٤- میوانداری تەنها بۆ یەک ساڵە و لە کۆتایی ساڵی ئەکادیمی پێویستە زانکۆی میواندار سەرجەم نمرە و دۆسییەی قوتابی/ خوێندکار بگەڕێنێتەوە بۆ زانکۆی خۆی. ئەگەر بۆ ساڵی دواتر بارودۆخەکەی قوتابی/ خوێندکار هەر بەردەوامی هەبوو ئەوا پێویستە قوتابی/ خوێندکار دوبارە داوای نوێکردنەوەی میوانداریەکەی بکات بە پێشکەشکردنی بەڵگەنامە فەرمییە پێویستەکان و لە هەمان ماوەی کە دانراوە بۆ پرۆسەی گواستنەوە و دابەزینی خوێندنی قوتابییان/ خوێندکاران.

٥- ئەو قوتابی/ خوێندکارانەی کە لە زانکۆکانی عێراقی فیدراڵەوە میوانداری دەکەن بۆ زانکۆکانی هەرێم، ئەوا بە خوێندنی پاراڵێل میوانداریان بۆ دەکرێت بە ڕێژەی (٥٠٪)ی کرێی خوێندن، جگە لە قوتابیان/ خوێندکارانی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم.

٦- سەبارەت بە میوانداری کردن لە نێوان زانکۆکانی هەرێم، ئەگەر قوتابی/ خوێندکار بە خوێندنی پاراڵێل وەرگیرابوو، ئەوا میوانداریەکەی بۆ دەکرێت و ڕێژەی (٥٠٪) کرێی خوێندن ئەدرێت بە زانکۆی میواندار و ڕێژەی (٥٠٪)ی کرێی خوێندن ئەدرێت بە زانکۆکەی خۆی، وە ئەگەر خوێندنی قوتابی/ خوێندکارەکە بە خوێندنی گشتی بوو، ئەوا میوانداریەکە بە هەر بە خوێندنی گشتی ئەبێ و هیچ کرێیەکی خوێندن نادات بە هیچ یەکێک لە دوو زانکۆکە.

## بڕگەی چوارەم: ڕاکێشانی دۆسیە لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان:

١. قوتابی/ خوێندکاری خوێندنی پاراڵێل و ئێواران لە ساڵی یەکەمی وەرگرتن ئەگەر داوای ڕاکێشانی دۆسیەی کرد ئەوا ئەو قیستانەی کە داویەتی بە زانکۆ بۆی ناگەڕێتەوە.

٢. قوتابی/ خوێندکاری خوێندنی پاراڵێل و ئێواران ئەگەر لە قۆناغەکانی تری خوێندن بێت و داوای ڕاکێشانی دۆسیە بکات، پێویستە سەرەتا پاکتاوی دارایی کرێی خوێندن ئەنجام بدات و هەر قیستێکی کرێی خوێندنی لەسەر بێت بیدات بە زانکۆ، دواتر فەرمانی زانکۆیی ڕاکێشانی دۆسیە و سڕینەوەی ناوی بۆ دەردەکرێت و دۆسیەکەی پێ ئەدرێتەوە.

٣. ئەگەر قوتابی/ خوێندکار تەنها ساڵێکی خوێندن بە سەر ڕاکێشانی دۆسیەکەی تێپەڕی بوو دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ هەمان بەش کە لێی وەرگیراوە، وە ئەم ساڵەی بە کەوتوو دائەنرێت و لە میچی خوێندن هەژمار دەکرێت.

٤. قوتابی/ خوێندکار لە هەر قۆناغێک بگەڕێتەوە ئەوا مامەڵەی قوتابی/ خوێندکاری تەرقین قید کراوی لەگەڵ دەکرێت و بە تەواوی کرێی خوێندنی پاراڵیل دەگەڕێتەوە.

٥. ئەو قوتابی/ خوێندکارەی کە ڕاکێشانی دۆسیەی ئەنجامداوە، ئەگەر دامەزراوی کەرتی گشتی بێت و داوای گەڕانەوە بۆ خوێندن بکات، دەبێت پاڵپشت بە یاسا و پەیڕەو و ڕێنماییە کارپێکراوەکان لە هەرێمی کوردستان مۆڵەتی خوێندن پێشکەش بە زانکۆکەی بکات ئینجا مافی گەڕانەوەی بۆ سەر خوێندن پێ ئەدرێت.

٦. لە کاتی ڕاکێشانی دۆسیە بە ڕەزامەندی زانکۆ ڕێکاری یاسایی بەرامبەر بە قوتابی/ خوێندکار ناگیرێتە بەر سەبارەت بە بابەتی کەفالە.

## برگەی پێنجەم: گەڕانەوەی قوتابی/ خوێندکاران بۆ خوێندن:

١. ئەو قوتابی/ خوێندکارانەی کە لە زانکۆکاندا ناویان سڕاوەتەوە واتە (تەرقین قید) کراون مافی گەڕانەوەیان پێ ئەدرێت بۆ سەر خوێندنی پێشویان لەو قوناغەی کە تیایدا ناویان سڕاوەتەوە، جگە لەو قوتابی/ خوێندکارانەی کە بە هۆکاری گزیکردن (غش) تەرقین قەید کراون یاخود ئەوانەی سزادراون بە یەکێک لە خاڵەکانی (ماددەی شەش) لە ڕێنماییەکانی ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠٠٩)ی تایبەت بە ڕێکاری قوتابیان/ خوێندکاران.

٢. قوتابیان/ خوێندکاران لە تەواوی ساڵانی خوێندنیان تەنها دوو جار مافی گەڕانەوەیان بۆ سەر خوێندن پێ ئەدرێت.

٣. قوتابی/ خوێندکاری تەرقین قەیدکراو کاتێک دەگەڕێتەوە سەر خوێندن ئەوا بە شێوەی خوێندنی پاراڵیل وەردەگیرێتەوە بێ ڕەچاوکردنی مەرجی تەمەن.

٤. قوتابی/ خوێندکاری تەرقین قەیدکراو کە دەگەڕێتەوە بۆ سەر خوێندن لەو قۆناغەی بۆی دەگەڕێنەوە بەپێی ژمارەی وانەی داواکراو کرێی خوێندن ئەدەن، بەپێی خشتەی ژمارە (٣) کە لە خوارەوە ئاماژەی پێکراوە.

خشتەی ژمارە (٣): ڕێژەی کرێی خوێندن بەپێی ژمارەی وانەی داواکراو.

| ژ | ژمارەی وانەی داواکراو | | ڕێژەی وەرگرتنی کرێی خوێندن |
|---|---|---|---|
| | سیستەمی ساڵانە | سیستەمی وەرزی | |
| -١ | یەک تا دوو وانە | یەک تا سێ وانە | (٣٠٪) |
| -٢ | سێ وانە | چوار وانە | (٤٠٪) |
| -٣ | چوار وانە و زیاتر | پێنج وانە و زیاتر | (٧٥٪) |
| -٤ | بۆ پێواژۆی بۆلۆنیا بەپێی ڕێنماییەکانی بۆلۆنیا مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت | | |

حکومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی

حكومة اقليم كوردستان - العراق
مجلس الوزراء
وزارة التعليم العالي و البحث العلمي
مديرية الشؤون القانونية

ژمارە: ١٢٠٤٢
ڕێکەوت: ٢٥/ ٧ /٢٠٢٤ی زایینی
٢٥/ ٤ /٢٧٢٤ی کوردی

العدد:
التاريخ: / / ٢٠٢٤

٥. قوتابی/ خوێندکاری تەرقین قەیدکراو کە دەگەڕێتەوە بۆ سەر خوێندن جگە لەو قۆناغەی بۆی گەڕاوەتەوە، بۆ قۆناغەکانی تری خوێندن تەواوی کرێی خوێندنی پاراڵیل ئەدات بە زانکۆ.

٦. قوتابی/ خوێندکاری تەرقین قەیدکراو ئەگەر لە بنەڕەتدا خوێندنەکەی پاراڵیل یاخود ئێواران بێت لە کاتی گەڕانەوە بۆ سەر خوێندنەکەی بۆ جاری یەکەم ڕێژەی (٢٥٪)ی کرێی خوێندنیان ساڵانە بۆ زیاد دەکرێت وە بۆ جاری (دووەم) ڕێژەی (٥٠٪)ی کرێی خوێندنیان ساڵانە بۆ زیاد دەکرێت، وە بۆ قوتابی/ خوێندکاری تەرقین قەیدکراو کە لە بنەڕەتدا خوێندنەکەی گشتی بێت لەکاتی گەڕانەوەی بۆ جاری دووەم ڕێژەی (٢٥٪) ی کرێی خوێندنیان ساڵانە بۆ زیاد دەکرێت.

٧. قوتابی/ خوێندکاری تەرقین قەیدکراو دوای گەڕانەوەی بۆ خوێندن ئەگەر لە قۆناغی کۆتایی بێت، ئەوا یەک ساڵ میچی خوێندنی پێ ئەدرێت. بەڵام ئەگەر لە قۆناغەکانی تر بوو جگە لە قۆناغی کۆتایی ئەوا هێندە و نیوی ئەو قۆناغانەی ماویەتی بۆ تەواوکردنی خوێندن میچی خوێندنی پێ ئەدرێت، لە حاڵەتی دروست بونی ژمارەی کەرت لە میچی خوێندن ئەوا دەکرێت بە ساڵی ئەکادیمی تەواو.

٨. قوتابی/ خوێندکاری تەرقین قەیدکراو دوای گەڕانەوەی بۆ خوێندن بەرابەرکردن (مقاسة)ی وانەکانیان بۆ ئەنجام ئەدرێت، ئەگەر زیاتر لە دوو بابەتیش سەربارکران بۆ قۆناغێکی دواتر ناگەڕێنەوە و لە قۆناغی خۆیاندا سەربار دەکرێن.

٩. قوتابی/ خوێندکاری تەرقین قەیدکراو دوای گەڕانەوەی بۆ خوێندن ئەگەر سیستمی خوێندنی ساڵانە یان وەرزی لە بەشەکەی گۆڕابو بۆ پێواژۆی بۆلۆنیا، ئەوا بەپێی هەردوو نوسراومان ژمارە (١٧٥٦٣) لە ڕێکەوتی (١٠/١٠/٢٠٢٢) وە ژمارە (١٧٥٦٢) لە ڕێکەوتی (١٠/١٠/٢٠٢٢) مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت بەمەبەستی تەواوکردنی خوێندنیان.

١٠. قوتابی/ خوێندکاری تەرقین قەیدکراو دوای گەڕانەوەی بۆ خوێندن ئەگەر لەو قۆناغەی بۆی گەڕاوەتەوە دەرنەچوو ئەوا دوبارە تەرقین قەید دەکرێتەوە، هەروەها لە قۆناغەکانی تر ئەگەر دوو ساڵ لەسەر یەکتر دەرنەچوو ئەوا تەرقین قەید دەکرێتەوە، پاڵپشت بە ڕێنماییەکانی تاقیکردنەوەکان ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٠٩).

١١. قوتابی/ خوێندکاری تەرقین قەیدکراو دوای گەڕانەوەی بۆ خوێندن ئەگەر لە قوناغی یەکەم یان دووەم بێت مافی دابەزینی خوێندنیان پێ ئەدرێت بەشێوەی خوێندنی پاراڵیل بەو مەرجەی کۆنمرەی وەرگیرابێت لە خوێندنی پاراڵیلی ئەو بەشەی داوای دەکات بەپێی ساڵی وەرگرتن.

١٢. قوتابی/ خوێندکاری تەرقین قەیدکراو دوای گەڕانەوەی بۆ خوێندن مافی گواستنەوەی پێ ئەدرێت بۆ زانکۆیەکی تر بەپێی بڕگەکانی تایبەت بە گواستنەوەی خوێندنی قوتابیان/ خوێندکاران.

١٣. ئەو قوتابی/ خوێندکارانەی کە بەهۆی پەیوەندی نەکردنیان بە خوێندن هەڵوەشاندنەوەی وەرگرتنییان بۆ کراوە، ئەگەر دوو ساڵ یان زیاتر بەسەر وەرگرتنیان تێپەڕیبوو ئەوا مافی گەڕانەوە بۆ سەر خوێندنیان پێ ئەدرێت و هاوشێوەی قوتابی/ خوێندکاری تەرقین قەیدکراو مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت کە لە خاڵەکانی سەرەوەی ئەم بڕگەیە ئاماژەی پێکراوە، بەمەرجێک (٥) ساڵ زیاتر بەسەر دەرچوونیان لە ئامادەیی تێپەڕنەبوبێت. بەڵام ئەو قوتابی/ خوێندکارانەی کە لە ساڵی وەرگرتن بەهۆی پەیوەندی نەکردنیان بە خوێندن هەڵوەشاندنەوەی وەرگرتنیان بۆ دەکرێت ئەگەر لە ساڵی خوێندنی دواتر واتە دوای یەک ساڵ گەڕانەوە سەر خوێندن ئەوا بەو شێوە خوێندنەی کە وەرگیراون (گشتی، پاراڵیل، ئێواران) بەهەمان شێوە بەردەوام ئەبن لە خوێندن.

حکومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی

حكومة اقليم كوردستان - العراق
مجلس الوزراء
وزارة التعليم العالي و البحث العلمي
مديرية الشؤون القانونية

ژمارە: ١٣٠٤٢
ڕێکەوت: ١٥/ ٧/ ٢٠٢٤ی زایینی
٢٥/ ٤/ ٢٧٢٤ی کوردی

العدد:
التاريخ: / / ٢٠٢٤

Ministry of Higher Education & Scientific Research
KRG Iraq
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
دەرکردە

## بڕگەی شەشەم: پەڕینەوە (عبور)

١. لە سیستمی خوێندنی ساڵانە وانەی پەڕینەوە بریتییە لە یەک وانەی ساڵانە.
٢. لە سیستمی خوێندنی وەرزی وانەی پەڕینەوە بریتییە لە دوو وانەی وەرزی، ئەم دوو وانەیەش دەکرێت لە یەک وەرزی خوێندن، یاخود لە دوو وەرزی جیای خوێندن، وە یاخود لە دوو قۆناغی جیای خوێندن بن.
٣. قوتابی/ خوێندکار دەتوانێت وانەی عبور تا قۆناغی کۆتایی لەگەڵ خۆی ببات تاکو لێی دەردەچێت، بە مەرجێک میچی خوێندنی تێپەڕنەبووبێت.

د. ئارام محمد قادر
وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

وێنەیەک بۆ:

- نوسینگەی بەڕێز جەنابی وەزیر، بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا.
- نوسینگەی بەڕێز بریکاری وەزارەت، بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا.
- گشت زانکۆ حکومییەکانی هەرێمی کوردستان/ نوسینگەی بەڕێز سەرۆکی زانکۆ، بۆ زانین و کاری پێویست لەگەڵ ڕێزدا.
- فەرمانگەی خوێندن و پلاندانان و بەدواداچوون، بۆ کاری پێویست لەگەڵ ڕێزدا.
- گشت فەرمانگەکانی وەزارەت بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێوەبەرایەتی ناوەندی وەرگرتن، بۆ کاری پێویست لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێوەبەرایەتی خوێندن و بەدواداچوون، بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێوەبەرایەتی یاسایی وەزارەت، بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا.
- دۆسیەی دەرکردە.

Address - Erbil, Kirkuk Road, Hadi Chawshli Street
www.gov.krd/mohe/
عنوان- أربيل، طريق كركوك، شارع هادى جاوشلى
ژ. تەلەفۆن: ٠٦٦٢٥٦٧٦٠٣
هەولێر، ڕێگای کەرکوک، شەقامی هادی چاوشلی -ناونیشان
Email:pg.directorate@mhe-krg.org